به بۆنەی بیست و نۆیەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# «ڕامان» لە نێوان بەردەوامی و دابڕاندا

**سەلاح پایانیانی**
**(مەهاباد)**

لە هەموو بوارەکانی کولتوور و ئەدەب و جوانیناسیدا، کێشەی بەردەوامی و دابڕان، کێشەیەکی هەمیشەییە. بەردەوامی یەکێک لە هۆکارەکانی ڕاوەستاوی و شوناسسازییە و دابڕان هۆکارێکە بۆ تازەگەری خوڵقاندن و و بەدیهێنانی جیهانی تازە بە تایبەتمەندی نوێوە. لە دنیای ڕۆژنامەگەریشدا ئەو دیاردە لێکدژ و ناتەبایانە وێکڕا و هاوکات دێنە سەر ڕێگەی چالاکانی ئەو بوارە، واتە یەکێک لەو توخمانەی ڕۆژنامەوانی پێ دەناسرێتەوە و هاوکات مەرجی کاریگەربوونیشێتی، بەردەوام بوونە لەسەر نووسین و تێکەڵ بوونی بەردەوامە لەگەڵ دنیای نووسەران و هونەرمەندان و شوێنگری بێبڕانەوەی دیاردە هونەری و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانە کە لە ئەنجامدا سیما و ڕەنگێکی جیاواز و تایبەت دەداتە بەرهەمەکانی. بەردەوام بوون ئەو دەرفەتە بە ڕۆژنامەوانان دەدا کە پشوودرێژ و ڕوو لە داهاتوو کارەکانیان ڕاپەڕێنن و بە گوێرەی پرۆژە جیاجیاکانی خۆیان پلانی کورتخایەن، یان درێژماوە داڕێژن.

لە لایەکی دیکەوە ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە و چالاکی لێبڕاوی بواری ڕۆژنامەگەری جیددی، هاوکات دەبێ بیر لە دابڕانیش بکاتەوە، ئەویش بە واتا فەلسەفییەکەی کە بریتییە لە سازکردنی کەلێن لەگەڵ ڕابوردوو؛ دووپات نەکردنەوەی ڕابوردوو و هێنانەئارای بابەت و گۆشەنیگا و بیر و گوتاری جیاواز کە بناخەی جیهانی تازەت بۆ پێکبێنێ.

ئەگەر بیر لە بار و بواری ڕۆژنامەگەری کوردی بکەینەوە، زۆر بڵاڤۆک و ڕۆژنامە و گۆڤار بەدی ناکەین کە ئەو دوو تایبەتمەندییەیان هاوکات هەبووبێ و دوو دژیان لێک کۆ کردبێتەوە، واتە یان بەردەوام نەبوون، یان دابڕانیان ساز نەکردووە. بۆ بەردەوامنەبوون هۆکار زۆرن؛ کە گرینگترینیان ئەوەیە کەسی چالاک لەو بەستێنەدا تاقەتی مانەوەی لە بوارێکدا و بۆ چەندان ساڵی دوابەدوای یەکدا نییە. زۆر جار توانایی و کەرەستەی پێویستی ماددیی لەبەردەستدا نییە، یان هاریکار و هاوڕێ و هاوبیر لە نیوەڕێدا بەجێی دێڵن و بەگشتی وەک بەشێکی زۆر لە کولتووری کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان توانایی

و ئیمکانی دامەزراوەسازی و کاری بەردەوام و کاریگەری خستنە سەر کۆمەڵگە تا ڕادەیەکی زۆر لاواز، تەنانەت ئەستەم و نەلواوە.

بۆ دابڕانیش هەم ڕوانگە و بیری نوێ و هەم هێزی واتایی و بزوێنەر بۆ سازکردنی کەشی نوێ پێویستە؛ ئەوەش هەر لە بنەمادا پێویستی بە توانست و وزەی داهێنەرێتی کەسی بەڕێوەبەر و ڕۆژنامەوانی لێهاتوو و خاوەن شرۆڤەیە و بە هەموو کەسی چالاک لەو بوارە ناکرێ.

لە ماوەی سی ساڵی ڕابوردوودا بە دەیان و بگرە سەدان گۆڤار و ڕۆژنامە و حەفتەنامە – هەڵبەت ئەگەر گۆڤار و بڵاڤۆکە زانکۆییەکانیش بێنینە ئەژمار– لە هەموو کوردستان، بەتایبەت دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵات کە من زیاترم ئاگا لێیانە، دەست بەکار بوون و بڵاو کراونەتەوە و لە کار وەستێنراون، یان وەستاون. هەر کام کەم تازۆر کاریگەرییەکیان داناوە و وەک ئەستێرە ڕاخوشیون و بوونەتە بەشێک لە مێژووی نووسین.

بەڵام گۆڤاری (ڕامان) ئەگەر لەو دوو بوارەدا بمانەوێ هەڵیبسەنگێنن و بە دوو پێوانەی پێشووی بپێوین، دەتوانین ڕوانینێکی لەو شێوەیەی لەبارەوە بخەینە ڕوو:

ئەو گۆڤارە هەر لە ساڵەکانی نەوەدی زایینییەوە ١٩٩٦ز (١٣٧٥هەتاوی) کە دەستی بە وەشان کرد، لە قاڵبێکی جیاواز و ستایلێکی تایبەتدا دەرکەوت و لەو کاتەوە تا ئێستا، نزیک بە سی ساڵە بەردەوام دێتە وەشاندن و لە هەموو دۆخە جیاوازە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا بە هەموو بارە ئابوورییە باش و نەباشەکانی کوردستانەوە، سەرەڕای ئاڵۆزی و نالەباری شەڕی ناوخۆ و شەڕی داعش و شەڕی وڵاتانی ئیقلیمی و پەتای کۆرۆنا و ... وێڕای ئەو هەمووە گۆڕانکارییە ئەدەبی و هونەرییەی کە لە کوردستاندا بەدی هاتوون، بەردەوام بووە و هەرجارەی پتەوتر و بەناوەڕۆکتر لە جاران، یان لانیکەم دەکرێ بگوترێ بە قەبارەی گەورەتر و قەبەتر لە جارانەوە دەرکەوتووە و هیچ ئاڵوگۆڕێک نەیتوانیوە ڕامان لە کۆت و بەندی ڕابوردوودا بێڵێتەوە و ئەو ڕەوتە تا ئێستاش هەر بەردەوامە. بە زمانێکی دیکە دەکرێ بڵێین گۆڤاری ڕامان لە بەردەوامترین پرۆژەی کولتووری و ئەدەبی و هونەرییەکانی باشووری کوردستانە کە سی ساڵی بەردەوامە، لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆی لە پێوەندیدایە و بووەتە میراتێکی کولتووری و ئەدەبی و زمانی و ئیتر ناکرێ لەبیر بچێتەوە، یان ئاسەواری بسڕێتەوە. ئاشکرایە ئێمە بۆ سازدان و پتەوکردنی شوناسێکی کولتووری تایبەت پێوستمان بە بەردەوامی هەیە و ئەو گۆڤارە نموونەی بەرچاوی بەردەوامییە لە



ڕەوتی نووسینی کوردیدا کە سی ساڵی ڕەبەقە بە سیما و ڕەنگ و دەنگی جوداوە دەردەکەوێ. ئەگەر زۆر ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی دیکە وەک ئەستێرە دەرکەوتن و ڕاخوشین و ون بوون، ئەوە ڕامان هەر جارەو بە سیمایەکەوە لە ئاسمانی ئەدەب و زمانەکەماندا دەرکەوتووە و فەرهەنگەکەمانی نەخشاندووە.

لایەنی دووەم ئەوەیە کە ڕەوت و بیر و بڕوا ئەدەبی و هونەرییەکان چەقبەستوو و مەند و وەستاو نین، بۆیە دەپرسین ئاخۆ ئەو گۆڤارە لە سی ساڵی ڕابوردوودا لەو بارەوە چۆن جووڵاوەتەوە؟ ئایا بڵیندگۆ و سەکۆی بیری باو و شێوازی زاڵ بووە، یان ڕەنگ و دەنگە تازە و شاز و نوێباوەکانیشی لە خۆ گرتووە؟ ڕاستییەکەی بە ئاوڕدانەوە لە سامان و مێژینەی ڕامان، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو گۆڤارە لە ماوەی تەمەنی سێ دەیەی خۆیدا، بەردەوام لە باری ناوەرۆکەوە، لەگەڵ ڕابوردووی لە دابڕاندا بووە. ئەگەر سەردەمێک چەشنێک لە ئەدەب و ڕوانین بۆ ئەدەبیات لە کوردستان پەرەگر بووە، بواری بڵاوبوونەوەی پێداوە و دواتر ڕەوت و بەرە جوداکانی دیکەی ناساندووە و دەلاقەی گەیاندنی دەق و بیروبۆچوونیان بووە.

ڕامان بەوەندەش نەوەستاوە و بە میوانداری کردنی ڕووداوی ساڵانەی جیاواز لە چەند ساڵی ڕابوردوودا سنوورەکانی کرانەوە بەرووی داهێنەری و نوێخوازی چەند قات بەرفراوان کردووە. ڕاستییەکەشی هەر ئەوەیە لە گۆڤارێک چاوەڕوان دەکرێ کە دەمێکە لە قەڵافەتی دامەزراوەیەکی پتەوی مۆدێرندا دەرکەوتووە و چالاکی دەنوێنێ. ڕاستییەکەی بەڕێوەبەرانی ڕامان لە دوو ساڵی ڕابوردوودا بەکردەوە نیشانیان دا کە زیاتر لە گۆڤار و بڵاڤۆکێک پەرەیان بە چالاکییەکانیان داوە و ئەوەی ئەوان کاری بۆ دەکەن و بەرنامەی بۆ دادەڕێژن، جودا لە لایەنی کاری گۆڤارێکە کە بە بەردەوامی چالاک بووە و ئەرکی بنکە و دامەزراوەیەکی کولتووریشیان گرتووەتە ئەستۆ و بە سازکردنی کۆڕی ساڵانەی ڕامان و وردبوونەوە و شیکاری بابەتە ئەدەبی و کولتوورییە قەبەکان، لە ئاستی کوردستاندا، هەنگاوێکی دیکەیان بۆ گەشەدان بە زمان و کولتوور ناوە. هیوادارم لەو ڕێیەدا بە بیری نوێ و بەردەوامییەوە بمێننەوە و داهاتوویەکی جوانتر و دەوڵەمەندتر بۆ زمان و ئەدەبی گەلەکەمان بنەخشێنن.